سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە پێویستی درێژدان بە هێزە ئەمنییەکان بە بەرنگاربوونەوەی تیرۆر

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، جەختیکردەوە لە پێویستی درێژدان بە هێزە ئەمنییەکان بە بەرنگاربوونەوەی تیرۆر.

سەرۆکایەتی کۆمار باویکردەوە

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، پێشوازیکرد لە فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی.

وتیشی لەو دیدارەدا کە ئەمڕۆ پێنجشەممە 27-2-2025 لە کۆشکی سەلام لە بەغداد بەڕێوەچوو ، پەرەسەندنی سیاسی و ئەمنی لە گۆڕەپانی ناوخەیی و ئیقلیمی تاوتوێ کرا و سەرۆک کۆمار ئاماژەیکرد بە پێویستی درێژدان بە هێزە ئەمنییەکان بە بەرنگاربوونەوەی تیرۆر و کارکردن بە پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندیی هاووڵاتیان.

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە گرنگی پاراستنی ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و سیاسییە کە لە ئێستادا عێراق بەخێوە دەبینێ و کارکردن بە چەسپاندنی ئەو سەقامگیرییە بە شێوەیەک کە هەنگاونان بەرەو پێشەوە لە ئاودانکردنەوە و بنیاتنان و هەوڵکان و باشترکردنی دۆخی خزمەتگوزاری مسۆگەر بکات ، لە هەمان کاتدا ستایشی قوربانییە گەورەکانی ئەندامانی هێزەکانی حەشدی شەعبی کرد شانبەشانی براکانیان لە تەواوی هێز و پێکهاتە ئەمنی و سەربازییەکان لە بەرگریکردن لە عێراق و گەلەکەی.

هەر لە دیدارەکەدا باس لە دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە کرا، بەتایبەتی پێشهاتەکانی فەلەستین و ئەو گەلانکاریانەی لە سوریا ڕووددەن و هەوەستی عێراق لەبارەیانەوە، کە تیایدا جەخت لەسەر پێویستی پتەوکردنی پێیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کرایەوە بە شێوەیەک کە بەرژەوەندی هاوبەش بەدەستبهێنێت.